# خەڵك

لەخەڵكەوە بۆ خەڵك

xelík

Mangnamayeki giştĺ azade

مانگ نامەیەكی گشتی ئازادەو لەگەرمیان دەردەچێت

ژمارە (١٨) ساڵی دووەم كۆتایی ئەیلولی ٢٠٠٥ بەرامبەر بە(١٠)ی خەرمانانی ٢٧٠٥ی ساڵی كوردی | No: (18) September | نرخی (٣٥٠) دینارە


# سەددامی دیكتاتۆر ١٠/١٩ دادگایی دەكرێت

**ئاژانسەكان**

دوای چەندین جار لێكۆڵینەوە لەگەڵ گەورە دیكتاتۆری عیراق ئەنجام درا، سەرۆك وەزیرانی عیراق(د، ئیبراهیم جەعفەری)رایگەیاند كە ١٩ی ئەم مانگە، دیكتاتۆری عیراق دادگایی دەكرێت. جەعفەر وتی كە بە زووترین كات دەبێ دادگای عیراق بڕیاری خۆی لەو بارەوەیەوە بدات و دەرئەنجامی دادگاییكردنەكە رابگەیەنرێت، بۆ ئەوەی ئەو دۆسەیە دابخرێت. ئەمە و لە لایەكی ترەوە، بە پێی سەرچاوەكانی هەواڵ، پرۆسەی دادگاییكردنەكە بە پێی یاسا و رووداوەكانی ئەو پرۆسە راستەوخۆ بە دەنگ و رەنگ بۆ كەناڵەكانی راگەیاندن دەگوێزرێتەوە و بەخش دەكرێت. هاوكات لەگەڵ پەخشكردنی ئەو دادگاییكردنەشدا، سەرجەم بەڵگەكانی ئیدانەكردنی دیكتاتۆر و تاوانەكانی دەخرێتە روو بۆ رای گشتی، ناوخۆ و جیهان. ئەمەش لە پێناو سەلماندنی مسداقیەتی هەر بڕیارێك لەو بارەیەوە وەردەگرێ و بە پێی ئەو بەڵگانەش كە لە لێكۆڵینەوەكانی رابردووداش بەدەست هاتوون، لە گەڵ سەرانی رژێمەكەیدا سەددامی دیكتاتۆر پلە یەكە لە ئەنجامدانی كاری كۆمەڵكوژی دژە مرۆڤایەتی، بە تایبەت ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال و كیمیابارانكردنی هەڵەبجە و ناوچەكانی ترو كوشتنی هەزاران كەس لە ناوچەكانی باشووری عیراق. هەر لەم بارەیەوە لە دادگای عیراقەوە، ئەوەی پشت راست كردەوە كە سەددام تاوانباری پلە یەكە و گەواهی ئەو راستیانەشیان داوە. لەلایەكی ترەوە سەرچاوەكە بەڵگە و دیكۆمێنتەكانی پارێزەرانی عەرەب سەبارەت بە پشتگیری كردنیان لە سەددام و بەدرۆخستنەوەو ئاشكرای كرد كە ئەوانەی ئامادەكراون بۆ داكۆكی لە سەددام هەمووی ساختەن و نابنە بنەمای یاسایی بۆ داكۆكی كردن. جێی ئاماژەیە سەبارەت بە هەمان مەسەلە، جەعفەری ئاشكرای كرد كە پێنج دادوەری عیراقیان بەم دواییانە دامەزراندووە بۆ ئەنجامدانی لێكۆڵینەوە و پرۆسەی دادگاییكردنە نوێنەكە كە بڕیارە١٩ئەم مانگە دەست پێ بكات.



## كەلار

# كارمەندانی تەندروستی خۆپیشاندانێك ساز دەكەن

**تایبەت ـ خەڵك**

سەر لە بەیانی رۆژی پێنج شەممە٢٩/٩ زیاتر لە(٩٠)كارمەندی تەندروستی لە سنووری نەخۆشخانەو بنكە تەندروستیەكانی سنووری ناوچەكە لە سەر جێبەجێ نەبوونی داواو داخوازییەكانیان خۆپیشاندانێكی هێمنانەیان سازكرد بۆ بەردەم قایمقامیەتی قەزای كەلار،لەم بارەیەوە سەرچاوەیەك لە نەخۆشخانەی گشتی كەلار كە نەیویست ناوی ئاشكرا بكرێ،بە مانگنامەی (خەڵك)ی راگەیاند،ئەم كێشەیە لەوەوە شەرچاوەی گرتووە كە ئەو كارمەندانە زیاتر لە چەند مانگێكە بە مەبەستی وەرگرتنی زەوی وشوێنی نیشتەجێبوون فورم و خشتەی تایبەت پڕدەكەنەوە،كەچی فۆرمەكان پشت گوێ دەخرێن.

سەرچاوەكە ئەوەشی روونكردەوە كە هەموو ئەو كارمەندانە كافی رەوای خۆیانەزەوی نیشتەجێبوونیان پێبدرێت وپشتگوێ نەخرێن.

جێی ئاماژەیە لە بەردەم قایمقامیەتی قەزای كەلاردا هەر یەك لە بەڕێزان كاك سەلام عەلی سەرۆكی شارەوانی وكاك عەبدوللا جێگری قایمقام بە ویكالەت پێشوازی كران و بە بایەخەوە گوێیان لێگیرا.

# فەرەنسا بە نیازی كۆنگرەیەكە لە سەر عێراق

(Cnn)

بە مەبەستی خوێندنەوە شرۆڤەكردنی رەوشی سیاسی ئێستای عێراق‌و مەسەلە چارەنووسسازەكانی دوا رۆژی ئەو وڵاتە فەرەنسا بە نیازە كۆنگرەیەكی نێودەوڵەتی لە بارەی عێراقەوە گرێ بدات كە وڵاتەكەی دەیەوێت كۆنگرەیەكی نێودەوڵەتی بەرفراوان لە سر رەوشی ئێستای عێراق گرێ بدات و بتوانێ مەسەلە چارەنوسسازەكان تاوتوێ بكات ئەمەو لە بەشێكی تری قسەكانیدا (پلازی) ئاماژەی بەو كرد كە بە هیوایە وڵاتەكەی بتوانێت لە كۆنگرەیەكی نێودەوڵەتی ئەوادا سەرنجی تەواوی هێزە سیاسیەكانی عێراق بە لای خۆیدا رابكێشی و یەك پارلاچەی خاكی ئەو وڵاتە بپارێت لە پێناو بەرقەراركردنی ئاشتی و دیموكراتی دوور كەوتنەوە لە شەڕی تایفەگەری مەزهەبی كەسەرەكانی لە ئێستای عێراقدا بەدی دەكرێت. جێ وەبیرهێنانەوە فەرەنسا یەكێكە لەو وڵاتە رۆژئاواییانەی كە بەردەوام عەتف ە خۆشەویستی هەیە بۆ عەرەب و وڵاتانی عەرەبی و لە ناوەندە گشتیەكاندا نێودەوڵەتیدا رۆڵی بەرچاوی هەیە لە داكۆكی كردن لە وڵاتانی عەرەبی.

## گەرمیان

# مۆڵەتی شۆفێری و ناڕەزایی خەڵك

دوای ئەوەی حكومەتی هەرێم(ئیدارەی سلێمانی)بە بڕیارێك شێوازو سیستەمی مۆڵەتی شۆفێری گۆڕی ،خەڵكی لەو سیستەمە نارازین وبە باشی نازانن،چونكە لەم سیستەمە تازەیەدا هەر كەسێك بیەوێ مۆڵەتی شۆفێری دەربكات ئەبێ(٢٥)كاتژمێر تیۆری بخوێنێ و لە گەڵ ئەوەشدا(٢٥)كاتژمێری تریش ئۆتۆمبیل لێبخورێت بۆ ئەمەش ئەبێ هەر هاولاتیەك بڕی(١٧٥٠٠٠)هەزار دینار بدات،بەمەرجێ لە سیستەمی پێشتری مۆڵەتی شۆفێری دا هەر هاولاتیەك بە هەمووی نزیكەی(٥٠٠٠٠)هەزاری خەرج ئەكرد. جێی ئاماژەیە خەڵكی ناوچەكە هۆكاری ئەم ئاڵوگۆڕەی سیستەمی مۆڵەتدانەكە ئەگەڕێننەوە بۆ فشاری نوسینگە ئەهلیەكانی تایبەت بەم بوارەو پێیان وایە هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قازانجی ئەو نوسینگانە كە پێشتر كەمیان دەس ئەكەوت.

بۆ ئەمەش شۆفێرەكانی ناوچەی گەرمیان لە داواكارییەكدا كە ئاراستەی مانگنامەی (خەڵك)یان كردووە چەند خاڵێكیان پێشنیار كردووەو داوا دەكەن حكومەتی هەرێم ـ ئیدارەی سلێمانی چاوێك بەم یاسایەدا بخشێنێتەوە.دەقی داواكارییەكە لە لاپەڕە(٢)دا بخوێنەوە.

# حەمید مەجید موسا: تا ئێستا كار بۆ ئاسیكردنەوەی كەركوك نەكراوە



**سەرچاوەكان:**

لە مەڕ ئاسیكردنەوەی رەوشی كەركوك و جێبەجی كردنی ماددەی (٥٨) حەمید مەجید موسا سكرتێری حزبی شیوعی عێراق و سەرۆكی لێژنەی ئاسیكردنەوە كەركوك ئاماژەی بەوە دەكات كە ئێستا لێژنەی ئاسیكردنەوە كەركوك و دەست بەكار نەبووە هۆكاری ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ بوسستی و خاوی سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران عێراق كە بریاربوو حكومەتەكەی جەعفەری بە بریاریكی ناوی لێژنەكەو ئەندامانی لێژنەكەی ئاشكرا بكردایە و هاوكات پێویستیە تەكنیككی و دارایەكانیش لە گەڵدا راگەیەنرا بێت، بەڵاّم تا ئێستا ئەم مەسەلەیە سستی و خاوی لێدەكرێت و هەنجەتی جێبەجێكردنی دیاری نییە، جێ ئاماژەیە لە لایەكی تریشەوە حەمید مەجید لە گەڵ رۆژنامەی (ئاسۆ) ئاماژەی بەوە كردووە كە لێژنەكەیان پتر لە مانگ و نیوێك ناوی ئەندامانی خۆی داوەتە حكومەتی جەعفەری و بە مەبەستی رەزامەندی لە سەر نیشاندانیان لە لێژنەكە، بەڵاّم دیسانەوە تا ئێستا ئەو مەسەلەیە یەكلا نەبووەتەوە و وەڵاّمی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی جەعفەری دیار نییە، ئەم و لە بەشێكی تری قسەكانیدا (ئەبو داود) روونی كردەووە كە ئەگەر كارەكانی ئەم لێژنەیە بە باشی و شێوەیەكی بابەتبانە بەڕێونەچێو هاوكاری و هەماهەنگی لایەنە سیاسیەكانی عێراق و كردستاز و بەرپرسانی شارەكەوە بە پێ پێویست بۆ ئاسایكردنەوەی دۆخی ئەو شارە ئەوا یە راشكاوی دەست لە كار كشانەوەی خۆی رادەگەیەنێت.

شایەنی باسە موسا ماوەیەكی زۆرە لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئاسایكردنەوە رەوشی شاری كەركوك و ماددەی (٥٨)ە.

# كۆمەڵێك حیزبی عێراقی هاوپەیمانێتی پێكدەهێنن

**تایبەت بە خەڵك**

لە چەند رۆژی رابردوودا بە مەبەستی گرۆتینی زیاتری پایەی دیموكراتی لە عێراقدا كۆمەڵێك حیزب وریكخراوەی سیاسی هاوپەیمانێكی نوییان رێكخست بۆ ئەم مەبەستە، سەرچاوەیەك لە حیزبی شیوعی عێراقەوە بە خەڵكی راگەیاندكە ٢٤ی سێبتەمبەر هاوپەیمانێك لە نێوان حزبی شیوعی عێراق و هاوپەیمانی كوردستان و چەند حزب و رێكخراوێكی تردا راگەیەنراو و مەبەستیش لەم هاوپەیمانیە، زیاتر بۆ بە هێز كردنی پایەی دیموكراتیە لە عێراقدا لە هەڵبژاردنی داهاتوو كە پێمان وایە هێزی چەپ و دیموكرات خوازو نیشتیمانەكان پێویستیان بە بەرەیەكی هاوپەیمانی لەو چەشنە دەبێ لە داهاتووی عێراقدا چونكە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا مەسەلەكان زیاتر چارەنووسازانی و ئەگەر حیزبا چەپ و دیموكراتخوازو نیشتمانیەكان خۆیان بۆ تەیار نەكەن ئەوا ئاستەنگەكانی بەردەم پرۆسەی دیموكراسیەت زیاتر دەبن و دەبنە لەمپەر لە بەردەم رەوتی بەروپێشچوونی داهاتوومان‌دا كە سەردەمانێكە خەبات و تێكۆشانی لە پێناودا دەكرێت و قوربانیەكی زۆر بۆ دراوە، ئەمەو سورچاوەكە ئەوەیش روونكردەووە كە ماوەیەكی زۆرە وەكو حیزبی شیوعی عێراق لە هەوڵی پێكهێنانی ئەو بەرەیەداین و مەبەستمان بوو كاری جدی تری بۆ بكرێت.

# ٢٣٠ هەزار منداڵی عێراق بەدەستی كەمی خۆراكەوە دەناڵێنن

بە پێ سەرچاوەكانی هەواڵ زیاتر لە (٢٣٠)هەزار منداڵی عێراقی بە دەستی كەمی خۆراكەوە دەناڵێنن و ملیۆنێك و حەوت سەد هەزاریش منداڵیش لو ژێر پلەیەكی هەژاریدا دەژین. بۆ ئەمەش لێپرساوی بنكەی بەرنامەی خۆراكی جیهان(كالم گاردنەر) لە عومانەوە راگەیاند كەوا بەرنامەی خوراكی جیهان سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكانی مەترسی خۆی راگەیاندز كە زیاتر لە ٣ ملیۆن كەس كە زۆربەیان منداڵز لە ژێر پلەی هەژژاریدان و بۆ چارەسەری ئەمەش (كالم گاردنەر) ئاماژەی بەوە كرد كە تا ئێستا ٢٩ ملیۆن دۆلار خەرج كراوە لە كۆی گشتی پێویستی بە ٦٦ ملیۆن دولار دەبێت واتا تا ئێستاغ ٤٤٪ی پێویستی گشتی گەشتوون (گارنەر) داوای لە بەڵێندەرانی ئەم بوارە كرد، بەردوام بن لەو هاوكاریانەی كە كرویانە بۆ عێراق. ئەمەو گانەر ئاماژەی بەوە دا كە لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٤ەوە تا نۆڤەمبەری ئەو ساڵە٦٧هەزار تەن خۆراك بە سەر ملیۆنێك و حەوت سەد هەزار منداڵدا دابەشكراوە و هێشتاش ٢٣٠ هەزار منداڵی تری بیە دەستی كەمی خۆراكەوە دەناڵێنن و پێویستە كۆمەڵگا نێودەوڵەتی و رێكخرازوكانی تایبەت بەم بوارە كار بۆ چارەسەركردنی بكەن..

## رزگاری

# دووپشك لاوێك دەكوژێت

**خەڵك - تایبەت**

ئەوی ١٩ـ٢٠/٩/٢٠٠٥ لە ئەنجامی پێوەدانی دوو پشك لاوێك بەناوی ( سەردار جەلال) كە خوێندكاری پۆلی پێنجەمی دواناوەندیە، گیانی لەدەست دەدات، ئەمەو بە پێی ئەو زانیارییەی كە دەستی (خەڵك) كەتوون، ئەم لاوە كە پێودانی دوو پشكەكە گەینراوەتە نەخۆشخانەی (رزگاری) و دوای پشكنین رەوانەی نەخۆشخانەی كەلار كراوە و لەویش نەتوانراوە چارەسەربكرێت و رەوانەی سلێمانی كراوە گیانی لەدەست داوە . كەس وكاری (سەردار) هۆكاری گیان لەدەستدانی دەگەڕێننەوە بۆ كەمتەرخەمی لە چارەسەركردن و پشكنینی ورد و پێویست بۆ حالەتی كتوپڕی لەو جۆرە.

# پێدەچێ (حازم شەعلان) دادگایی بكرێت

Cnn

حازم شەعلانی وەزیری بەرگری پێشووی عێراق،لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانیدا لە وارشۆ،بە سەرچاوەكانی هەواڵی راگەیاند،كە هەموو ئەو تومەتانەی خراونەتە پاڵی لە لایەن حكومەتی جەعفەرییەوە.بەوەی كە گوایە ئەو (١)ملیار دولاری دزیبێت،درۆودەلەسەیەو هیچ بەڵگەو راستییەك لە مەسەلەكەدا نییە،ئەمەو شەعلان هەر لەو بارەیەوەوتی:تاكو ئێستا نە دادگای تایبەتی ژمێریاری ونەوەزارەتی دارایی عێراق هیچ بەڵگەیەكی ئەوتۆیان بەدەستەوە نییە كە راستی ئەم تۆمەتانە بسەلێنێ وبتوانێ كەسێكی وەك من رووبەرووی دادگا بكاتەوە.

لە لایەكی تریشەوە وەزیری دارایی عێراقی (عەلی عەلاوی)جگە لەوەی ئاماژەی بە بزربوونی(١)ملیار دۆلار كردووە لە سەردەمی شەعلاندا،ئەوەشی روونكردۆتەوە كە نزیكەی (٦٠٠ )ملیۆن دۆلاری دیكەش لە وەزارەتەكانی گواستنەوەو كارەباو ناوخۆ دزراون و لێكۆڵینەوەیان لە سەر دەكرێ .

جێی ئاماژەیە خەرجبوونی ئەم بڕە پارە زۆرە بە پێی قسەی چاودێران دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی چاودێری دارایی ودزینی ژێر بە ژێر،كە دەتوانرالە خزمەتی گشتیدا كۆنترۆڵ بكرایە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com